# گەشتی لە ئاثار مەولەوی دا

یوسف رسول آبادی

هەر بە تاریکێ و لێڵی بەیان، ئەسپی خەیاڵ زین ئەکەین و تولە ڕێیەکانی هەورامان ئەبرین و تا ئەوساتە ئارام ناگرین کە وێنەی سەرشاتە لە ئاوێنەی چاوەکانمان خۆ پیشان دات و ئێمەش بە سەلەوات مەردومی دیدە بە تۆزی پالای بەرگوزیدەی شیعر و ئەدەبی کوردی بە وردی سراغ دەین و بەنۆشینی جامی ئەوین سەرخۆشانە بڵێین:

چەرخە یە تۆنی ئەی مەیلە کەردی    بەختە یە تۆنی شادی ئاوەردی

ڕەپاش مژینی هەوای یادی فەرهادی تاقی ڕومانتیسمی کوردوستان رو لە خەم و مەینەت کەین و بە دەم هاوارەوە بڵێین:

خەمە فرسەتێ ساتێ وە بێ خەم    گەرد پالاکەش بگێرون وە چەم

ئەوساکە خەم کۆچی بەرە و هەواری نامورادی پێکێ ناو شادی دەست لە نێو دەستی بوکی مورادی لە سەر تەختی کامەوە بەکەیفی تەمامەوە پاڵی داوە: بە ئیجازە لەگیانی پاکی تاقە مەلەوانی دەریای عیرفان سەرێ ئەدەینە دیوانی شیعرەکەی و ئەبینە میوانی خەیاڵی ناسکی وەکو تاڵی هەورێشمی.

بە ڕاستی هەرکەس ناتوانێ لەو مەیدانە پان و بەرینە تێ پەرێ و هەر لە ئەوەڵ هەنگاودا دەستی بەرز نەکاتەوە و بە هەڵدانی بەیداخی سپی خۆی نەداتە دەست چارەنوسەوە. داخۆ بۆ وایە؟! چۆنەکە کوردێکی دانیشتوی هەورامان کە شاخەکانی شان بە شانی ئاسمان ئەکەن وە تەنانەت لە خەویشدا ژان‌ژاکێ ڕۆسۆی نەدیوە و ویکتور هۆگۆی بە هیچ کلوەجی نەناسیوە. هەر لەو سەردەمەداکە ئوروپا هەست بەوە ئەکات کە

پێویسته له ڕێگای خه‌یاڵه‌وه به‌ره‌و دین که وێته‌ڕێ. ئه‌میش له هه‌ورامانه‌وه ئاوازی دڵنه‌وازی عه‌شق و ئه‌وین به بانگه‌وازێکی ڕومانتیکی هه‌ڵ ئه‌دات، به‌ڵام نه به شێوه‌ی ڕۆژئاوایی، به‌ڵکو به شێوه‌یه‌کی خۆرهه‌ڵاتی جوان و ڕێک و پێک که شنه‌ی ئاوه‌نگ بێ‌ده‌نگی تێک ئه‌دات و سروه‌ی به‌یان زیوی ناو چاوانی پرچین ئه‌کات و گه‌رمای فرمێسک له سه‌ر گۆنای ناسکی شوێن ئه‌خات:

ڕوخسارش وه‌ختێ مه‌سقه‌ڵ‌مه‌ڕۆلێش وه شـۆی پـایز خـه‌یاڵ مـه‌بۆ ڕێش
چین که‌فته‌ن وه ڕوی پیشانی چون‌سیم چون زه‌نجیره‌ی ئاو وه شنۆی نـه‌سیم
ئـه‌سرین جـه‌رگت دان وه بـان نـێشدا چــه‌نیت دل ئـاما، ئـامانی پــیشدا

ئه‌گه‌ر له‌م شیعرانه ورد بینه‌وه له‌و ڕاستیه تێ ئـه‌گـه‌ین کـه تـه‌نانه‌ت واژه‌کـانیشیان خه‌یالاوین و له‌سه‌ر تا پایانه‌وه ئه‌وین به بالای به‌رزه‌وه و خۆئه‌نوێنێ و به له‌ره‌ی، ته‌لی عاتیفه‌ی ئنسانی ئه‌له‌رزێنێته‌وه.

تائیستا کێ وه که‌ی وه له‌کێوه ئه‌وه‌ی دیوه یا بیستووه؟ ئه‌و واژانه له به‌ر ده‌س هه‌مو که‌سێکا بوون و هه‌ن. به‌ڵام جگه له مه‌وله‌وی نه‌مرکێ توانیویه یا ئه‌توانێ ئه‌ئاوا ڕێکیان بخات و ئه‌و وێنه نیگارینه بکێشێ به جۆرێ که‌گوڵزار به هه‌زاران گوڵ و گـوڵغونچه‌ی نازاره‌وه به دیتنی دڵی بێشێ‌و هه‌ر واژه‌ی وه‌کو نێشێ ڕیشه‌ی دڵی بکێشێ!

ئه‌گه‌ر چه‌ند واژه وه‌کو «دیده، خه‌یاڵ، بالا، ڕاگه، خاو» بده‌ینه ده‌ست شاعیرانه‌وه داخۆ چۆنیان ڕێک ئه‌خه‌ن و به ناو شیعره‌وه ئه‌یخه‌نه بازاری یاری‌یه‌وه: بێ گومان بـه سه‌دان شێوه به‌ڵای گومانیی تیانیه که هیچکامه‌یان به‌و جۆره که مه‌وله‌وی ڕێکی خستوه نابێ، با به وردی بیخه‌ینه به‌رچاو.

دێده هێند خه‌یاڵ بالات بێ تێشدا ڕاگه‌ی خـاو نـه‌بێ بـویه ڕۆپـێشدا

جا ئه‌گه‌ر شاعیره‌کانی پێشومان ته‌نیا ئه‌م تاقه شیعره‌یان بۆمان جێ هێشتبایه به‌سمان نه‌بو؟ ئیدی چۆنه که برێک ئه‌ڵێن ده‌وره‌ی شیعری شاعیرانی پێش ئێمه تێ‌په‌ڕیوه و زمانی

ئەوان کۆن بوە نازانم، یانێ ئەزانم بەڵام نامەوی لێی بدوم. تەنیا ئەمە ئەڵێم: ئایا بە راستی ئەگەر فارسێک هەستێ و بڵێ: شیعری مەولانا و حافز کۆن بوە و ئیتر ئەوانە بەکەڵکی ئێمە نایەن ئەشێ چۆنی ناو بنێین و چۆنی بناسن؟!

ئەمانەوێ لە مەولەوی دور نەکەوینەوە، هەر بەو بۆنەیەوە ئاوێنەی خەیاڵی ئەگرینە دەستەوە و بە دڵێکی پڕ هەستەوە لێ ورد ئەبینەوە و ئەوەی کە دیتمان تا ئەو رادەیە کە بۆ ناسینی بیرو بۆ چۆنی مەولەوی پێویستە بەکورتی باس ئەکەین و بۆ گەیشتن بە بەرهەمی شیرینتر ئەیخەینە مەیدانی هەڵسەنگاندنی هامفەردانەوە.

### ۱ـ مەیدانی یەکتاپەرەستی «توحید»

لە عەشقا یەگانەگی پێویستە و عاشق ئەبێ تەنیا مەعشوقێکی هەبێ و دڵی بە تاقە دڵدارێک بدات و رو لە غەیری ئەو نەکات:

شەرت بۆ تا جەستەی خەستەی مەهجوریت
پاکتاوش کەرۆ مەردەن جە دوریت
جە شوم پڕ شوم ئەڵحەو سەرای خەم
جە سەر وازەی هون، جۆی سەرچەمەی چەم
وە بۆی ئەو باڵا و خەت و کوڵم و فەم
سەرو و سەوزە و گوڵ خونچە بدۆ دەم
دڵەی مەینەت گاز سفتەی کۆی قەقنەس
نەبۆ وە نیشان تیر موژەی کەس

یەزدانی مەزن ئاگای لە ئنسانە و ئەگەر ئنسان لە ئەو بێ خەبەر بێ، ئەو لەم بە خەبەرە و بەندەی خۆی بە وردی ئەبینێ و ئاگای لێ‌یەتی:

وەر تۆ بینابیت پەردەش ها نەسەر    ئەو تۆ مەوینۆ جە تۆ زەریفتەر

هەر هەموی ئەو شتانەی کە ئێمە هەمانە لە خواوەیەو ئەبی بە بون یا نەبونیان رازی بین:

بەڵام با جە تیر بەڵای قەزاوە    پاڵ دەیم وە قوڵڵەی قەڵای رەزاوە

تا بڕۆ سەفای بێکانەو خێشەن    هەر وەختێ بەرۆ، باز ماڵ وێشەن

بێ یارمەتی یار سەرکەوتن سەرناگری و بۆ کەس ناکرێ:

خوم ئاسا خەیلێن وەتەن مەیخانەم    چون پیاڵەی واق شیشەی پەیمانەم

هەر بونەوەرێک سێبە رێکە و بەس و مەوجودی بەڕاس زاتی پاکی یەزدانە.«ئەم روانگەیە لە مەلای روم ئەکا»:

ئەی کُرد مەوجودێ جە تۆ گرتمایە    مەوجود هەرتۆنی ماسیوا سایە

بونی بونەوەر، گیا بێ یا دار، بێ گیان یاگیاندار، هەمو نیشانە ی بونی خوان و ئایەتەکانی دەسکردی ئەون:

پەنهان بیت، تەنیا وەحدەتت مەوج وەرد    پەی شناسایی زوهوریۆەت کەرد
بە وێت حەی عاڵەم بێ چون و چەنی    شناسایی تۆم، نمەبۆ هەنی
بە وێت جەی عالەم بێ‌بەقای ناسوت    ئەر وەی کرد جیلوەی وەرین‌نەژناسوت
بە سەد جیلوەی تەر بێ چون و چەنی    شناسایی تۆم نمە بۆ هەنی

تەنیا یادێ عەشقی لەیل ئارامش ئەداتە دڵ و کوڵ و کۆی دەرون دائەمرکێنێ. ئەگەر بادەی یادی ئەو لە جامی خۆشەویستی نە نۆشرێ، عەقڵ و فام لە هەواری خۆیان بار ئەکەن و هاواری پڕ بە زاریان عاڵەم ئەگەرێ؛

هۆشم بێ هۆشەن، نامم قامەت قاخ    بۆی دوری ئازیز مەیۆم نە دەماخ
نەیچی! درەنگەن. سامەکەر درەنگ    فیدای پەنجەت بام، نەی باوەر وەدەنگ
هەر تەرزێ پەی وێش بکەرۆ رازێ    گێرۆ نە دەرون هەرسازێ گازێ
بجۆشۆ هەرکەس وە قەد ناڵەی وێش    بنۆشۆ هەرکەس وە پیاڵەی وێش

به واتەی مەولانای بەڵخی:

«هر کس کاو دور ماند از اصل خویش    باز جوید روزگار وصل خویش»

ئینسان هەمیشە لە ئاواتی گەرانەوە بۆ لای پەروەردیگاری خۆیەتی و دور لە یار دڵ بریندار و زار و ئەوگارە؛

هیچکەس موبتەلای دوری یار نەبۆ    چون من سەرگردان بێ قەرار نەبۆ

**٢- پەیوەندی دڵ و دڵدار:**

پاراستنی حورمەتی یار بە ئەوپەڕی تواناوە پێویستە، مەولەوی لە ناڵەی شەوانەی خۆی ئەترسێ کە نەکا سەگی ئاسانەی یار بێدار بکاتەوە و بەو بۆنەوە ئازارێ بگاتە نازاری.

من شەوێ ناڵەم جۆش ئاوەردە بۆ    سەگی ئاسانەت بێدار کەردە بۆ

خۆ پاراستن لە هەر ئیشێک کە ببێتە هۆی رەنجانی خۆشەویست، کە ئەلوێ ئەو هۆیە زەحمەتی نیگایەک بێ کە شوێن بخاتە سەر جەمینی دڵبەر یا برژانگی چاو بێ کە پێی نازدار بروکینێ؛

جەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ    کەف پات وە خار دێدەم ئیشابۆ

عەشقی یار هەتا هەتاییە و هرگیزای هرگیز نامرێ:

پەی چێش؟ مەیل لەیل پیریش مەحاڵەن    سەنەی باڵغیش سەد هەزارساڵەن

رێبواری رێگای خواناسی «عارف» و «سالک» بۆ گەییشتن بە بەهەشت وە یا لە ترسی ئاوری دۆزەخ عەبدایەتی ناکات. بەڵکو لە بیری ئەوەدایە کە خاوەنەکەی لە خۆ رازی بکات و بەس؛

من کە خەجاڵەت خزمەت ئاما پێم    جەهەننەدەم: سەدساڵ دۆزەخ بۆ وە جێم

پیر و رابەر وەکو گیانە و رێبوار بێ ئەو لەشێکی بێ رەوان و ناتەوانە، دەست لە داوێن بەردانی ئەبێتە هۆی سەرگەردانی:

ئازیزت ئاستەن هـاوە دمـاوە    تەنە بۆ بێ گیان ساشۆ وە راوە

## ۳ـ عــەشــق:

عەشق لە سروشتی مرۆڤایە و خوای گەورە بەشی هەمو کەسێکی داوە، بەڵام ئەوەی کە خۆی ناتەواوە، ناتوانێ بەو ئاوە دەرون بشوات و هێلانەی دۆستی ئازیزی بکات:

یاواو حـاڵیم بـی یـەک یـەک ئـیشاران    خەندەم کەرد هەی هەی،دەردە کەی یاران

رێبازی عەشق، رێبازی فیداکاری و خوێنە، پیاوی ئەوێ کە بتوانێ ئەو رێگایە ببڕێ؛

ســەر بــنیە وەخــاک ئـاسانەی دڵـبەر    بە ئارەزوی دڵ،گیان    بەرشۆ وە بەر

یا کە خود ئەڵێ:

دام دوبــــادەی ســــەیادْ قــــاتڵ    نە پێچیان نە دەور پای شکستەی دڵ

ســەر وەنـەت بـبۆ وە بـار گـەردەن    بوازی هەرسات ئاوات وە مـەردەن

عەشق گیان ئەبەخشێ و ئەگەر دڵبەر چاوی خێری لێ بـێ، عـاشق هـەمیشە لە تـا فـی لاو یدایە؛

نەواچی من پیر ئوفتادەی دڵرێش    ئیسە چەنی مەیل ئازیزانم چـێش

تــا یـاران نـیگای نـیهانیشان بـۆ    پیران مشیۆ تاف جـوانـیشان بـۆ

عەشق فێر بونی نیە. بەڵکو ئەزمونێکی دەرونیە و ئەبێ بیچێژی. یا وەکو گوڵ وایە و بۆنی لەباس کردن نایە. تەنیا ئەو کەسانە ئەیناسن کە بۆنیان کردبێ؛

هەڵای هـەی مـاچی گـیرت نـەوەردەن    بۆی شەمامەی ئێش عەشقت نەکەردەن

ئەگەر بۆنی بکەی ئەوسا وەکو من تەسلیم ئەبی و ئەڵێ ی:

مــن دەردم پــەیکار نــاز دڵگـیرەن    دەوای زامــــانم، زامــنداری تـیرەن

بێ شەرتیش دۆسی، قـارش وە فـامەن    مەزەی قین لەزەت، جەفاش سەفامەن

وە سەر ئەنجام؛

بەڵ دڵ وەش کەرۆ مەینەت گازەکەش    زور دۆ وە بازوی غەمزە و نازەکەش
پەیاپەی پەی پەی، نە دڵەی تەنگدا    هەر خەدەنگ بە رۆ وە جای خەدەنگدا

**۴ـ رێبازی خواناسی و بیر و رای تایبەتی رێبواری رێی ئەوین:**

عرفان رێبازێکی «تەوحیدی»یە و عارفی زانا سەنەم پەرست نیە، بەڵکو یەکرەنگ و سەمەد پەرست و ئەحدناسە:

سەنەم پەرەست نیم، سەمەد ناسەنان    دوی کورەی دەرون شیوەن راسەنان

رێبواری رێگای تەریقەت. ئەبێ چاوی دڵی بێ تۆز و گەرد بێت. چاوی سەر توانای دیتنی رازی راستەقینە نیە. ئەم لەگڵە و ئەو مەنزڵی خۆشەویستی دڵە، ئەم بێ بەقایە و ئەو تەمەنی تا لەقایە؛

دیدەی سەر ئەرشی دیدەی سرکانین    ئێد دای مونافین، ئەو دەوای شافین
ئێد وەزیفەی گڵ، ئەو لەتیفەی دڵ    ئەو چون مەنزڵەن، ئێد بێ چون مەنزڵ
ئەو بەقاش نیەن، فەناش تاقیەن    ئێد عەتای تاقی و باقی و لاقیەن

بە بەشی یەزدان رازی‌یە و سەری بۆ قەزا و قەدەر دا نواندوە:

بەلام کێن بدۆ نەی راگوزەردا    شان وە شان شێر قەزا و قەدەر دا
مەحبوبەن هەرچی موقتەزای قەزان    مەرغوبەن جەلای هەرکەس پێش رەزان
هەر شێرێ جە شیر شێران شیر وەردەن    گەردەن پەی زەنجیر تەقدیر کەچ کەردەن

خەوف و ترس «تقویٰ» هەمیشە لە دڵی رێبوارە، چونکە لەشی خەزانەی تاوان، هەر لە هەڵێنانی چاوانەوە بە جیهان تاکاتی سەر نانەوەی گۆڕ هاوڕێ‌یەتی؛

تەرسون ئەر بەدەن رەقیب دڵسەرد    بکەرۆش وەخاک کەروش چەپگەرد
وەخت تەماشای ئەو بەرگوزیدەم    شەماڵ شانۆ گەردش ئەو دیدەم

عیبادەت و تاعەت و ئیش وخزمەتی خۆی بەکەم ئەزانێ و ئەڵێ: ئەو تۆشەیە کە کۆی

کردۆتەوە شایانی ئازیزی نیە، ئەگەرچی کەسانی کە کەفەی فەرمانبورداری ئەو قورس و پڕ ئەبینن؛

وەر نــە مــن لافـاو تـاوانـان بـەردەم    دوعا رای دەرگای قەبوڵ گوم کەردەم
نەیچی؛ من پەنجەی پای ناڵەم سـفتەن    تۆ دەی چون تەئسیر وە ناڵەت جفتەن
مــن وێــم مـزانـو کـام تـۆمم کـاڵان    یاران پـەی هـیممەت وەنـەم مـەلاڵان

بەڵام بەوەش بڕوای قوڵی هەیە کە ئومیدی بە کەرەمدار لە دەس نەدات؛

مەعدومی: کەردەی بەدی هەزار تەرز    زانــوی ئــومێدت نـاوەڕۆ ئـەو لەرز

و فەرمودەی یەزدانی لە بەرچاوە کە: **من تابَ و آمن و عَمِل عملاً صالحاً**...... هەربەو بۆنەوە بیرکردنەوە لە رابوردو و پەشیمان بونەوە هۆی بەخششی یەزدان ئەزانێ؛

ئەمجار یادکەر عومر عەبەس و یەردەت    بـاوەر وە خــاتر نـاپاکــی کــەردەت
ســەرئەفکەندە بـەر چـون شـەرمەساران    چەمەی چەم هۆر کەر چون سەیل واران
بــەڵ شــۆرۆ بــەو ئــاو کـەرەم فـراوان    بــــابەت وە بــابەت سـیاهەی تـاوان

جا نۆبەی ئەوەیە کە بڵێت: یەکڕەنگی نیازی بنەڕەتی تەریقەتە و گەییشتن بە حەقیقەت بێ یەکڕەنگی بۆ ڕێبوار دەست نادات:

چون دەف. بەرگ پۆس ئیرادەت بۆ شم    غــولام بــەر دەس حــەڵقە نــە گـۆشم

ڕێبازی عەشق خۆ بە ورد زانینی ئەوێ: کە وابو تۆش هەوات لە سەر نەوێ؛

بــاوەر نــە کــۆرەی وەلوەلەی دەف دا    روی پەندو تـەوبێخ وە هـەر تـەرەف دا
روی پەند ئەو یاران، دڵ وە جەهد وجەخت    روی توبێخ ئەولای مەعدومی بەدبەخت

هەروا کە ئنسان لە تەنگەلانێکی تاریکەوە خـۆ ئـەهاوێتە داوێـنی دنـیای رونـاکـەوە، رووینیشی هەر ئەبێ لە تاریکەلانێکی بێ دەنگا بێ کە گۆڕە؛

پێشانیم هەوەس زانـوش جـازمەن    تــەعزیم جــەناب پـیری لازمـەن

باڵاکەردەوە مەیل ئەو لای پەستی     وردیکـلانەن دەروازەی هـەستی

وە بۆ دەربردنی مرۆڤ لەو «تەنگیبەر»ە. شەو بێداری بۆ ڕێبوار بە پێویست ئەزانێ و بە گوێرەی دەرمانێکی کاریگەری پێشنیار ئەکات. مەگەر نە ئنسان هـاتە سـەر زەوی تـا جێنشینی یەزدان بێت؟ روی سەییدی هەورامان لە دڵە، بەڵام مەبەست تەنیا خۆی یا دڵی خۆی نیە بەڵکو ئنسان بە هەمو نەتەوەیەکەوە ئەکەوێتە بەر بانگەوازی ئەو. یا بڵێین: دڵ لە واتەی مەولەوی تاوگۆزیدا وەکو «نەی» لە زاری مەولانای رومی وایە؛

واچە هەی دڵەی ئەبڵەی بـێ خـەبەر     هۆر ئێز ساتێ تەرک خاوِ شیرین کەر

چونکە شەیتان بۆتە هاوڕێت. کە وایە شەوان بێدار بمێنەوە ولەگەڵ یار ببە بە هاودەنگ وماڵی پڕ کەماڵی بێدەنگی دەریای مەنگی ئەوینت بکە بـە تـەختی دڵـدار و جگـە لەو دەروازەی دڵ بۆ کەس باز مەکە.

نـەوا مـێمان بـۆ تـۆ نـەوینی کـەس     حـەفەت بۆ پـەرێت تـا ئـاخر نـەفەس
دیـدەت تـۆز غـەیر نـیشتەنش وەنـە     جە جۆی سەوزەی دڵ ئاوێش دەر پەنە

ئەنجا رو ئەکاتە مرۆڤ و ئەڵێ:

دنیا تا سەر بە کەس نادەن، بۆدڵێك بیەشێنین؟ مـرۆڤ ئـەبێ لە هـەر حـاڵێکا هـەبێ سەبارەت بە نەوعی بەشەر خزمەتکار و بێئازار بێت. چونکە سەرەنجامی ئەو نادیارە و کەس نازانێ چی پێش دێت. کە وابو ئەبێ بە قەد توانا لە خزمەت گەلا بین، بێ ئەوەی بپرسین ئەمە کێیە و ئەوە لەکوێیە. مرۆڤ، مرۆڤە و بەس، کە یەزدان ئەفەرموێ: ئەی ئنسان ئێمە، ئێوەمان لە نێرو مێ خوڵقاندو .....وە ئەو بانگەوازی بۆ تاقمێکی دیاری کراو نیە؛ دەیسا ئێمەش با لەو راستیە تێ بگەین کە:

کێ زانۆ چۆن بۆ ئەی دنیای بادێ     بـا بـبۆنە بـەین گـەردەن ئـازادێ

هەر وەها، هەر شتێکمان بۆ خۆمان ئەوێ، بۆ هەموی بخوازین و هەر خراپەیەك کە بۆ

خۆمان پەسەندی ناکەین، بۆ هیچکەسی دیکەی نخوازین، تەنانەت ئەگر ئەو شتەگەردی پێڵاوی یار بێت؛

یا ناستە بۆ سەیل دیدەم نەفەسێ      نەسیم گەردپات، بەرۆ پەی کەسێ

بە بۆنەی کەمی وەختەوە باسەکەمان جەم و جۆرتر ئەکەین و ئەڵێن: مەولەوی شاعرێکی خام و بێبڕوا نیە. ئەو راستیە لە واژە بە واژەی شیعری‌دا خۆ ئەنوێنێ، مەبەستەکانی شیعری بریتین لە، کارەسات و چۆنیەتی ژیانی ئەو سەردەمەی کوردەواری، پیاهەڵدان، باسی خواناسی و سوفیەتی، فەلسەفە، مێژو، جوغرافیا و هەمو نەوعەکانی دیکەی ئەدەبی. بۆ وێنە چەند نمونە ئەخەینە بەرچاو:

تانجەروی ئەی چەم، سیروان ئەو چەم      جۆشابێ وە هەم، ئەی چەم تا ئەو چەم
کەڵەك هۆ مەداٚ، نما زا دەو لێش      رای ئامام نەوێ، پا بنیەو ئەو پێش

وە یا:

ساقی گەرد کۆچ یاران دیارەن      هاو ماڵان پەرێم نە ئینتیزارەن
من خۆ تەنیا ماڵ، وامەندەی دڵتەنگ      بێ‌کەس، بار سەنگی، پای بارەبەر لەنگ
مەر تۆ وە هەی هەی نەشئەی جام مەی      نەی رای پلەی سەخت فەریادٚ رەسینم‌کەی
ساپێم دەرجامێ منیچ چون یاران      هەی کەرون ئەو کۆچ، تا سەر هەواران

بە‌کێشانی تابلویەك لەکۆچی کوردە ماڵ و نیشان دانی دڵسۆزی کۆچەرەکان بۆ یەکتەر، مانایەکی بەرزی عیرفانیش ئەخاتە سینەی شیعرەکەیەوە و ئەڵێ:

ئەی خوای گەورە! من لەکاروانی هاتن بەرەو سارای مەحشەر لە یاران بە جێ ماوم، هاوماڵەکانم چاوەرێی رۆیشتنی منن کە چی منیش بە تەنیا ماومەتەوە و دڵتەنگی ئازارم ئەدات. ئاخر تەنیا باڵ و بێ‌کەسم، وە بارەکەشم «گوناح» قورسە و وڵاغەکەشم «توانای خۆم و کاری باشم» لاوازە و ناتوانێ بارم بکێشێ. جا مەگەر هەر خۆت وە بادەی

عەشقت سەر خۆشم بکەیت و لەم ڕێگا سەخت و هاوڕازە ببیتە رابەرم وە وەکو دەستگیرێکی توانا بیی بە فریادرەسم. جاکە تەنیا فریادرەس هەر خۆتی و هیچکەس توانای ئەوەی نیە کە دەست بکا بە لای دەستی تۆدا. جامێکی نەشئە بەخشی ئەوینی خۆتم پێ بدە تا منیش وەکو یاران هەی لەکۆچەکەم بکەم و تا سەر هەوارەکان رانەوەستم.

یەکتاپەرەستی لە واچ واچی واتەکانی مەولەوی بە بالای بەرزەوە، شۆخ و شەنگ خۆ ئەنوێنێ بۆ نمونە چەند شیعری کە ئەخەینە بەرچاو بەڵکو بە لایە لایەی گەرمیان کۆرپەی دڵمان بلاوێنین؛

بەیدێ وە لای مـن حاڵم بەد حاڵەن   جە دوری ئازیز تەن کۆی زو خاڵەن
بزانـدێ خەم چۆن کەردەنم پاماڵ   دەخیلم ساتی؛ گەردەن سیم قاڵ
جامێ جە مەعجون دەرد ئەوگاران   دورد وامەندەی بەزمەکەی یاران
پێم دەر تا ریشەی هەستی کەرۆ پەی   قوربان: تۆیچ نەیچی! دەستێ بەر پەی نەی
وە تەرزەکەی وێت مـن لاونەوە   وە مەقامێ وەش خەم تاونەوە
با خاس خاس هۆشم هیچ نەمانۆ پێم   بەڵ ئازیز وە خەیر رەحمێ کەرۆ پێم

وە یا ئەوکاتەکە بیری حەق لە دەرون شك ئەبا، ئەڵێ:

ئازیزم ئامای ئای بێقەراز وێم   ئای ئای چەمەڕا ئای ئینتیزار وێم
مەوتەنەکەی چەم دێدەش هانە ڕێت   غەریبی تاکەی بۆ وە ماوای وێت

لە بەرانبەر ساقی گیانبەخشەوە خۆی نابینێ و کە ئەو پێی نایە دەرونیەوە، ئەم خۆگوم ئەکا و نازانێ چون ئەدوێ و چی ئەڵێ. جار جارە وەکو موسا یا نە بڵێین وەکو جەلالەددینی بەڵخی بە نازێکی تایبەتیەوە زاری ئەخاتە کار و لە خۆ بێخەبەر، گیان ئەخاتە خەتەر و بێباك لە هەردوکەمەر ئەڵێ:

حەیفەن تۆ میراو سەر جۆی بادە بێ   وە هەر کەس بە قەدکەفاف دادە بێ

مــن کشــتم روزەرد هــامفەردانش بــۆ دانـــەم روســیای هــامدەردانش بــۆ
فێدات بون ئـامان، سـاهۆر کـەر بـا بـەی وە سەر کشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی

مەولەوی لە پلەی «حلاج»دایە کە وا ئەدوێ و لەو حاڵە ئەمەی وتوە کە ببڕای ببڕ خۆی نەدیوە. بەڵکو خۆشی وردەیەك لە ئەوین وە یا نوری یەزدان زانیوە. ئـەم جـۆرە قسانە جار و بار ئەکەونە بەرچاو و ئەدەن لەگوێمان، بەڵام نە لە هەرگیرۆدەی خاوی بێ خەبەرێیکەوە بەڵ لە عاشقانی بێ هۆش لە هۆشی یاری هوشیاری هەتا هەتایی ئەبیسرێن و بەس. کە وتویانە «کار هر کس نیست خرمن کوفتن.......»

جاکە دێتەوە خۆ پەیمانەکەی ئەلەست دوبارە ئەکاتەوە و ئەڵێ:

ئازیز: تای رشتەی دڵـەی خـەم بـێ شـۆ ئــەزەڵیا نـە بـەندْ تـای رشتەکـەی تـۆ
هەر دو چەنی هەم پێچ وەردەن وە هەم جـــیایی نــە بــەین مــەحاڵەنْ ســتەم
سەر مەوداْی ناخون یەکسەر تـێداْ شـی هەر چـندْ سـەعیم کـەرد جیایی نـەوی

ئەوسا بە نازی هەمیشەیی ئەڵێ:

ئیسە خاس یاسەن تۆ نـەی سـەردەمدا هەر دو چەنی هەم پێچ دەی وە هەمدا
تــا یــاران زانـان ریشـەی جـەرگمەن پــاچیان، ئـاوێزان وە روی بـەرگمەن
هـــــەنی مـــــداْران دەم وە دۆعاوە / سەناوە ئـافەرین واچــان جــە گــردین لاوە

وە لە قەسیدەیەکی تردا ئەڵێ:

من رۆی مامەڵەی گردین خاس و کەس جــەو راسە بـازار شـارەکـەی ئـەلەس
جە سەر دوکانچەی شای سەر تـوجاران هــۆر گــرتم کــاڵای بــەڵای نــازاران

لەیرەدا نە تەنیا لە پەیمانی ئەلەست «**قالَ اَلَسْتُ بِرَبِّکُمْ، قالوا بلیٰ**» باس ئەکـا بـەڵکو چاوێ لە ئەرکی مرۆڤ ئەخات و ئەڵێ: رابەرەکەم فەرمویەتی هەرکەسێ رۆژبکاتەوە و لە بیر براکانیا نەبێ لە ئێمە نیە.

که وا بو من ناتوانم خەمی مرۆڤ نە خۆم. تەنانەت ئەگەر نەشیان‌ناسم و نەزانم کێن وە یا لەکوێن. چونکە رۆژی ئەوەڵ پەیمانم داوە و هەر لەو کاتەوە لە لای منەوە پەیمان شکاندن باوی نەماوە، ئەگەر بڕوا ناکەی فەرمو ئەمەکاوە و ئەمەش بۆنی:

نامان نە گۆشت مەر فەردەکەی من    فەرد وەش مەزمون بێ‌گەردەکەی من
ئەر هەر سات دەردێ دەردێوتەر چەنی    بەیۆ ماچو ئاخ پەی دەردێ هەنی

ئەو کەسەی کە پیاڵەی ئەوینی بە راستی نۆشی بێ و لەیلی بێ درۆ و دەلەسە لە باوەش گۆشی بێ، خۆی داوەتە دەست یارو هەر جۆرێك نازدار بیەوێ هەڵس و نیشت ئەکات و خۆ بەوە نازانێ کە لە دۆزینی چارە تێ بفکرێ هەر چەندکە هەمیشە ئاوارە بێ؛

یەکێوەن جەلام شادی و رەنجوری    کەیفی و بێ‌کەیفی، نزیکی و دوری

ئەوەی کە رازی نەبێ هێشتار خامە و لە تێ‌گەیشتنی نامەی عەشق ناتەمام؛

مەر چون تۆ هەڵوای مەحەبەت خامێ    قەبای عەشق دڵ پشت ناتەمامێ
وەشی و ناوەشی تەفاوەت زانۆ    مەلێ نەزانۆ هەر پەلێ شانۆ

خۆشی و ناخۆشی، جەریمە وە یا خەڵات، هەر هەمو لە دڵدارە وەیە. ناخۆشی قەندە و خۆشیشی نەباتە، جا چۆن پشتیان لێ هەڵ‌کەم، ناتوانم؛

مەیل و قین هەر دو هەر جە شەخسێوەن    جەریمەو خەڵات شێوەی کەسێوەن
لا هۆر کەردەی جەو، پەی ئێدّ تەماشا    بەو شادّ، پێر ناشادّ (حاشا و کەلّا)

ئەمە دڵۆپێك بو لە دەریای بیری مەولەوی تاوگۆزی، بەو هیوایە جێ رەزامەندی بێت و مامۆستا بەرێزەکان لەکەم و کۆڕیەکانی چاو بپۆشن.

بە ئومێدی گەیشتنی دوبارە و چەندبارە وە خزمەت مامۆستایان و بە ئاواتی سەرکەوتن بۆ هەمو، لە خوای گەورە تەمەنی درێژ بۆ زەحمەتکێشانی رێك خەری ئەم کونگرەیە ئەخوازم. ئیتر خوشیتان.